# ئایا مرۆڤ پارە بدات مزگەوت دروست بکرێت یان وەکیل بگرێت بۆ حەجکردن بۆ دایك وباوکی

[ کردي – کوردی – kurdish ]

عەبدولعەزیز بن باز

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿ هل يتبرع الإنسان ببناء مسجد أو يحج عن والديه ﴾

« باللغة الكردية »


## عبد العزيز بن باز

رحمه الله تعالى



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ئایا مرۆڤ پارە بدات مزگەوت دروست بکرێت یان وەکیل بگرێت بۆ حەجکردن بۆ دایك وباوکی

**پرسیار :** ڕای جەنابتان چیە دەربارەی چاکەی کوڕێك بەوەی وەکیل بگرێت بۆ حەجکردن بۆ دایك وباوکی، لەکاتێکدا زۆر پێویستیشیان بە دروستکردنی مزگەوتێك هەیە، ئایا باشتر وخێرتر ئەوەیە ئەو پارەیە بدات بۆ دروستکردنی مزگەوتەکە یان بیدات بە دوو کەس بۆ ئەوەی حەج بۆ دایك وباوکیٚ بکەن؟.

**وەڵامی شێخ ابن باز** (ڕەحمەتی خوای لیٚ بێت) بەم شێویە بوو: ئەگەر هاتوو پێویستیەکی زۆر هەبوو بۆ دروستکردنی ئەو مزگەوتە ئەوا باشتر ئەوەیە پارەی ئەو حەجە تطوعە (مەبەست حەجێکە کە واجب نییە ) خەرج بکرێت لەدروستکردنی مزگەوتەکەدا، لەبەر گەورەیی سوود وخێری مزگەوتەکە و بەردەوامیەکەی ویارمەتیدانی موسڵمانانیشە لە بەجێهێنانی نوێژکانیان بە جەماعەت ..

بەڵام ئەگەر هاتوو خەرجکردنی ئەو پارەیە (مەبەست پێی پارەی حەجە تطوعەکەیە) زۆر پێویست نەبوو بۆ ئەو مزگەوتە ئەویش لەبەر

ئەوەی کەسانێکی تر هەبوون کە پارە خەرج بکەن بۆ دروستکردنی مزگەوتەکە، ئەوا خەرجکردنی ئەو پارەیە بۆ ئەوەی خۆی یان کەسانێکی متمانە پێکراو حەج بکەن بۆ دایك وباوکی باشتر و خێرترە إن شاء اللّٰه، بەڵام ئەبێت ئەوە بزانێت نابێت بەیەکجار حەج بۆ هەردووکیان بکات، بەڵکو بۆ هەر یەکەیان حەجێك بکات ..

خوای گەورەش لەهەمووان زانا وشارەزاترە ....

سەرچاوە : لە گۆڤاری (التوعیة الاسلامیة فی الحج )ژمارە ٥ ی ساڵی ١٤٠٤کۆچی بڵاوکراوەتەوە، هەروەها لە کتێبی (فتاوی تتعلق بالحج والعمرة والزیارة ) لاپەڕە ٤٦ دا هاتووە .